دادگای تاوانەکانی کەرخ حەوت ساڵ زیندانی بەسەر رۆغدۆ سەدام حسێن دا سەپاند



کچێ گەورەکەی سەدام حسێن بۆ حەوت ساڵ زیندانی سزا درا

دادگای تاوانەکانی (کەرخ) لە بەغداد، بەبێ ئامادەبوونی خۆی، حوکمی (7 ساڵ) زیندانی بۆ (رەغدسەددام حسین) سەرۆکی پێشووتری عێراق دەرکرد.

لە حوکمەکەدا رەغد تاوانبارکراوە بەوەی لە ساڵی 2021 لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنییەکانەوە قسەی کردووەوبانگەشەی بۆ حزبی بەعسی قەدەغەکراو کردووە.

لەسەر بنەمای ئەم حوکمە، دادگا فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ رەغد دەرکردووە، کە لەگەڵ منداڵ وکەسوکارەکەیدا لە دوای ڕووخانی ڕژێمەوە لە ئوردن ژیان بەسەر دەبات.